گەڵا هەڵپڕوكاوەكان
ئەبووژێنەوە.. عارف كوردە

گوڵە ژاكاوەكانى،
ژێر پێى كوێرەوەرى ئەبووژێنمەوە
ڕووح ئەكەمەوە بەجستەياندا
ئەتوانم بەناو تووڕەيى،
هەورە برووسكەدا تێپەڕم
بەڕەنگى پەلكەزێڕينە
فوو لەڕوخسارە پەڕيوەكان بكەم
ڕەنگى مردوويان،
لەسەر لائ□ بەم
لەگەڵ غەمەكانما بێدار ئەبمەوە
يەك..يەك ئەياننێژم
پێكەنينە تۆراوەكان،
ئاشت ئەكەمەوە
پەنجە ڕچيوەكان گەرم ئەكەمەوە
پەرچوو ئەخوڵقێنم
گەڵا وشكەكان سەوز ئەكەمەوە
ڕێگا دابڕاوەكان ئەخەمەوە سەريەك
لەدوندى شاديدا
ڕۆژە ڕەشەكان سپى ئەكەمەوە
تارمايى مەرگ ئەڕەوێنمەوە
قۆڵ ئەكەم بەقۆڵى گۆڤەندا
ئەچمەوە ماڵى ديلانێ
تاهەتايە لەيەكتر دەئاڵێينەوە
لەنێو كاولاشدا، خشتئ□ بڕم
لەماڵى بێ هيوايى..هيوا ئەچێنم
لەژێر ڕەهێڵەى درۆندا..!
چرا دەئەگيرسێنم
لێناگەڕێم باڕەش..،
گوڵەكان هەڵپڕوكێنێ
با، گڵو پەكان نەكوژێنەوە
شار لەتاريكيدا.. ئەمرێ
ئەستێرە چاوى هەڵئەگڵۆفێ

ئاسمان شینایی لـەدەست ئەدا
کراسێکی خۆڵەمێشی ئ□ پۆشێ
زە□ نەقووتەکان،
لـ□ قوڕەلـیتەدا نوقم ئەبن
لـەشەو□ تارەکاندا
بەدوای کاروانکوژەیا ڕانا کەم
زستان زەندەقی لـ□ بەهار چووە
ڕێواس، درزەکاتە سنگی بەفرەوە
مێلاقەو نێرگز،
بەسەمفۆنیای تاڤگەو
هاژەی چەمەوە ئەگەڕێنـەوە
مەرکانەکانیان،
دەرماڵن لـەئاوی نەمری